# جەمیل سائیب و مەلیك.. منو پەرلەمانی كوردی

## "گفتوگۆیەك لەگەڵ شێخ مەحمود"

**هەردی مەهدی میكە**

hardi_mahdi@yahoo.com



مەلیك لە كوێیت؟ نەوەكانت بە ناوی تۆوە یاسای رۆژنامەوانییان دەركرد، دەك بەخۆشی بێت.. ئەوان دەیانەوێت بەناوی شەرەفو نەریتو ئەمنی قەومیو "بەربەرەڵلایی" تەواوی غەزەتەكانی میللەت بكەنە بڵندگۆی مزگەوتو مایكە ماستاوچییەكانو پاسەوانی كۆشكو توتیی دەسەڵاتی ترسنۆك. تۆ لێرە نیتو خێرا بەر لە هەموو كەسو لەجیاتی تۆ دەیانەوێت جەمیل سائیب-یش لەبری تۆ بدەنە دادگاو 20 تا 30 ساڵێكی بۆ ببڕنەوە، یان هیچ نەبێت "لە خەوما"كەی كۆبكەنەوەو بیسووتێننو نەبادا ئەمڕۆ ببێتە "واقیع".

ئەمڕۆش لێرەوە تا دەقی یاسا نوێیەكە نەگەیشتووەتە حاكمەكان، منیش دەمەوێت چیرۆكێكی نوێ لەسەر تەكنیكی چیرۆكەكەی سائیب بنووسمەوەو ئەمجارە بە ستایلێكی پێشكەوتووتر لەڕووی ناوەڕۆكەوە دابڕێژمەوەو ناویشی بنێم "لە واقیعدا".

ئاخر حەزمەدەكرد هەر لە خەوما بووایە، بەڵام چیبكەم وا چیرۆكەكەی سائیب خەوو خەیاڵی تێپەڕاندو لە بەدبەختی ئەم نەوە "خائین"ە، بوو بە واقیع، راستییەك نەك تەنیا وەك جاران پۆلیسو ئاسایش لەسەر "وتن" بیانگرێتو بیانفرێنێتو داركارییان بكات، ئەمجارە نوێنەری میللەت (پەرلەمان) یاسا لەسەر یاسا دەردەكات نەك بۆ پاراستنی مافی هەژارانو گێڕانەوەی پارەی دزراوو بودجەی خەڵكو كەمكردنەوەی كەلێنە گەورەكانی گەندەڵیو مووچەی زیادەی بەرپرسەكان. نا ئەمانە هیچی نەكران، تەنیا توانرا دوو یاسا لەم دۆخە هەستیارەدا دەربكرێت (یاسای دژە تیرۆرو یاسای رێكخستنی كاری رۆژنامەوانی كە هەردووكیان گرتنو داخستنو زیندانیان تێدایەو هەردووكیشیان مەحكەمەو قانون بەڕێوەیاندەبەن).

گەورەم مەلیكی كوردستان، ببورە دەزانم تۆ حەزتدەكرد ئەوانی تر بكرێنو ئەم دوو یاسایە دەرنەچن، بەڵام ئەم پەرلەمانە نەیاندەتوانی هیچیان بكات، بۆ خۆت دەزانیت "دۆخەكە هەستیارە"، ئێستا وەك جارانی تۆ نییە تا (جەمیل) ناوێك بە ئارەزووی خۆی كتێبێك دەربكاتو چیرۆكێكی درێژت لەسەر بنووسێتو تا دڵی بگرێت لە گەڕەكەكەی ئەودیوەوە رەخنە لە حكومەتەكەت بگرێتو تۆش قسەنەكەیت.. مەلیكی گەورەی كوردستان، دەبێت ئەوە بزانیت دۆخی ئێمە وەك ئەوەی سەردەمی تۆ نییە تا بتوانن ئازادی دابینبكەن، تۆ كوا دۆخ هەستیار بوو، هەموو دوژمنی تۆ ئیستیعمارێكی لاوازی وەك بەریتانیای عوزما بوو، یان شێخەكانی دەروربەرت، یانو یانو ....، هیچی ناكاتە دوژمنی ئەمڕۆ، یا شێخ دۆخەكە ئەمڕۆ زۆر هەستیارە، زۆر.. دەزانیت كێ ئەمڕۆ دەیەوێت خەنجەر لە حكومەتو میللەت بدات؛ نووسەر، رۆشنبیر، رۆژنامەنووس، گەنج... هتد. ئەمە با ئەو ملۆزمانەی عەرەبو خوارەوە بوەستن كە دەنوكیان لەسەرمانە.

شێخی گەورە، لە دوا پەیاممدا دەمەوێت ئەوەشت پێبڵێم كە ئەمجارە خێڵو نەریتو بڕوادارو جەماعەتی ئەمنی قەومیو سەروەری یەكیانگرت، بەڵام ئەمجارە بەناوی پارتیو یەكگرتوو و كۆمەڵی ئیسلامیو وردە یەكێتییەوە خۆیان دەرخست، ئەوان نەیاندەزانی میدیای ئازاد یانی چیو پێیاندەوت "بەربەرەڵلایی". هەندێكیان دژی ئازادیی رۆژنامەوانی بوون بەهۆی "نەپاراستنی دابونەریتو خێڵایەتیو بەهای باڵا"وە، وەك هەندێك پەرلەمانتاری پارتی. هەندێكی تریش بەناوی ئەمنی قەومییەوە دژی بوون وەك كۆمەڵەكان وەك بڵێیت یەكەم فیشەكی شۆڕش ئەوان تەقاندبێتیان، هەرچی یەكگرتووەكانیشە لە كاتی دەنگدان لەسەر یاساكە لەپشتی سەرۆكی پەرلەمانەوە بە قۆڵهەڵكردنو جووتێك نەعلەوە چوون بۆ نوێژی مەغریب، ئەوان وتیان با قەرزاری خەڵك بین باشترە تا قەرزاری خوا بین.